# كوردەكانی كەمپی ئەلتاش, هەڕەشەی كوشتنیان لە سەرە، فریایان كەون

وەك لە ڕاگەیاندراوەكانی پێشومان دا باسمان كردوە ئەو كوردانەی كە سەدام حسێن لە كەمپی ئەلتاش وەك ئەسیر و تاوانبار گەورەترین بێ حورمەتی پێ دەكردن و لە هەر جورە ژیانێكی شایانی مروڤایەتی بێ بەری كرابون لە پاش ڕوخانی ئەو دەسەڵاتە سەركوت كەرەش هێشتا لە نا لەبارترین هەل و مەرج دا ئەژین ، ئیمكانی كار و پەیدا كردنی بژێویان نییە و لە لایەن عەرەبە ڕەگەزپەرەست و تێرۆریستەكانەوە ئەكوژرێن و بێ سەروشوێن ئەكرێن. ئەمە لە دەنگ و باسەكانی هەفتەی پێش دا باس كرا.

ئەو خەڵكە هەژار و چارە ڕەش و لە ماف و ئازادی و ژیان بێ بەشە سەری خویان هەڵ ئەگرن و ڕو لە بیابانەكانی عەرەبستانی عێراق و ئوردن ئەكەن و هەتا ئێستا نازانری كە چەند كەسیان تێ دا چون و چارەنوسی چەندین كەسیشیان كە توانیویانە خو بگەیەنە سنوری ئوردن و عێراق هەروا نادیارە و لە نێوان نەتەوە یەكگرتووەكان و حكومەتی ئوردن و دەسەڵاتی كاتی عێراقی دا توپ توپێنێیان پێ ئەكەن و كەس خویان لێ وەخاوەن ناكا .

ئەو خەڵكەی كە لە ئوردوگای ئەلتاش دا ماونەتەوە بێ دەسەڵات و بێ ئیمكانات ترینی پاشماوەی 30 هەزار كەسن كە بە زوری لە ڕێگایەكەوە خویان دەرباز كردوە .

ئەوانەی ئێستا لە كەمپی ئەلتاش دا ماونەتەوە نە توانایی هەڵاتنێان بەرەو ئوردن هەیە و نە پارە و ئێمكانیان هەیە كە ڕو لە جێگایەكی دیكە بكەن .

بەڵام هەر ئەوە نییە كە ناتوانن بچنە دوكتور و دەستیان بە دەرمان و كار و خواردن ڕا ناگا ، بەڵكو لە لایەن عەرەبەكانەوە هەڕەشەی كومەڵ كوژییان لێ دەكرێ و پێیان دەڵێن كە ئێوە شانازی بە تاڵەبانی و بارزانییەوە ئەكەن و خەیانەتتان بە عێراق كردووە و شەوانە چەكداری نەناسراو ئەچنە سەریان و ماڵەكانیان تاڵان ئەكەن و دەس درێژی ئەكەنە سەر ژنان و منداڵەكان ئەترسێنن بە جورێ كە ئێستا منداڵەكانی ئوردوگا ناوێرن بچنە دەرەوە بو یاری كردن.

مرۆڤپەروەران و هاوڵاتیانی كورد
ژیان تا سەر تەنگانە نابێ ، ئەو خەڵكە هەروا چاو لە دەس و بێ كەس نەبوون ، ئەوانە گوند و شاریان لێ وێران كراوە ، ژیانیان لێ بەرتەسك كراوەتەوە و بە ساڵانە وەك ئەسیر هەڵسو كەوتیان لەگەڵ كراوە .
ئەو خەڵكە خاوەن كەسایەتی و هیوا و بەردەوامیی ژیانێكی شایانن ، ئەو خەڵكە لێان قەوماوە ، ئەو خەڵكە ڕەش و ڕوت و بێ دەرەتانە هەمو دەرگایەكێان لێ داخراوە لە بەرانبەریان دا بێدەنگ مەبن ، گوێ لە ویژدانی مروڤانە و هەستی نەتەوەیی و ئێخلاقیتان بگرن، با دەنگ وجموجۆڵەكانمان یەك خەین و ببینە دەنگ وهێزێكی وەها كاریگەر كە ڕێكخراوە ناونەتەوەیی و وەڵاتە دیموكرات و پێشكەوتنخوازەكان و حكومەتی كوردستان گوێ لە وشیار كردنەوەكانمان بگرن. تراژیدی كومەڵ كوژی بەڕێوەیە وەرن با بە یەكەوە پێشی بگرین.

كومیتەی پشتگیری لە كوردەكانی كەمپی ئەلتاش
050219
hiwagol@hotmail.com